# حیزبی كۆمۆنیستی كریكاریی، و دەورانیكی لە دەستچوو

**دەربارەی مەوداكانی پیكهینانی حیزبی كۆمۆنیستی كریكاریی كوردستان**

**رابەر سەعید**
Rabar_saed@yahoo.com

**ماوەیەكە كە مەكتەبی سیاسی و رابەری حیزبی كۆمۆنیستی كریكاریی عیراق بریاریكی فەوری داوە بۆ پیكهینانی حیزبی كۆمۆنیستی كریكاریی كوردستان و بەیانامەكەشی بلاوكردۆتەوە، بۆ ئەو كارەش كۆمەلێك ئەندامی خۆی راسپاردووە كە ئەو كارە بەجێگا بگەیەنن.**

**چوونە ناوباسەكە:**

هەرچەندە لەناو كۆمۆنیستەكان، چەپەكاندا و بەشێك لە میدیاكان بۆتە باس، بەلام لەناو كۆمەلگادا تا ئیستا كاردانەوەیەكی گەورەی و جێگایەكی بەرچاوی نییە. بە واتایەكی تر زەمینەی پیكهینانی ئەو حیزبە لە ئێستادا لاواز و شانسی هاتنەمەیدانی وەك حیزبیكی پر بەهێز و جیكەوتووی كۆمەلگا كەمە.
هەر بۆیە ئەندامان و هەلسوراوانی ئەومەیدانە هەموو ریگاكان تاقی دەكەنەوە و لە میدیاكاندا و لە باس و لیكۆلینەوەكان و چاوپێكەوتنی میدیاكاندا باسی جۆرا و جۆر و جیاواز و زۆرجار بە ئاشكرا ناكۆك لەگەل یەكتر دەكەن. هەریەكەیان لە دیدگایەكەوە مەودا و فەلسەفەی پێكهێنانی ئەو حیزبە لیكئەدەنەوە. لەناو باسەكاندا هەر لە باسی جیاوازی كۆمەلگای كوردستان و ئابووری و ئاسایشی كوردستان و جیابوونەوەی كوردستان و سەربەخۆی كوردستان تا سۆسیالیزم باسكراوە. بەلام بەگشتی لەسەر خالێك هەموو رێكن ئەویش شكست و نەتوانینی حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراقە. ئەگەرچی زۆر فۆكۆس ناكەن لەسەر ئەم خالە كادر و ئەنداماكان بە ئاشكرا، بەلام ریبوار ئەحمەد رابەری حیزبی كۆمۆنیستی كریكاریی عیراق زور بە ئاشكرا ئەمەی راگەیاند كە ماوەی دەهە و نیویكە ئەوان خەریكی كارێكی بێ پایەیی بوون. ئەوەی سەرنج راكیش بوو لە باسەكانیدا ئەو وەك رابەری ئە حیزبە دیدگا و بۆچوونی كۆمەلیك هەلسورا و ئەندام و فراكسیونی بەرەسمیەت نەناسراوی پێشووی ناو ئە حیزبەی فۆرمولّە كرد. دیدگایەك كە وازهینان و دەركردن و ئاگاداركردنەوە سەرەنجامی بوە لە ماوەی دەهە و نیوێكدا. و چەندان ئینسان و كۆمۆنیست و هەلسوراو و كۆمۆنیست ژیانی سیاسیان لە ژێر ناوی ئەنتی رابەری كۆتای پێهات لە ژێر فشاری هەمان رابەری . ئەمە جێگای باس و لێكدانەوە دەبوو ئەگەر لە ئێستادا باس لە ئالوگوری ناو حیزبی عیراق بوایە. بویە لەوبارەوە كە ئەو باسە بێتە فەلسەفەیەك بو گۆرانی موناسباتی حیزبی و دەرهێنانی ئەو حیزبە لە ئەزمەكان و لاوازیەكانی و گۆرانی سوونەتی رابەری ئەو حیزبە، گرنگیەكی ئەوتۆ و جیگایەكی نییە، و ناتوانیت كە هەلسواراوانی كۆمۆنیستی كریكاریی عیراق راكیشیتە ناو كار و سوونەتیك كە حیزبی عیراق لەو هەلومورجە دەربهێنێت. بەلام لەگەل ئەوەشدا بە گشتی ئەو باسە لەوێوە سەرنج ركێشە كە بە شێوەیەك راگەیاندنی كۆتایی ژایانی سیاسی حیزبی كۆمۆنیستی كریكاریی عیراقە، لانی كەم ئەگەر حیزبی عیراق بشمینیتەوە، حیزبیكی لاواز و هامان ئەو حیزبە دەبیت كە ریبوار ئەحمەد خوی زۆر بە واقیعیانە لێكیداواتەوە. چونكە ئەو ئالتەرناتیڤی خوی پێكهێنانی حیزبی كۆمۆنیستی كریكاریی كوردستانە. لە دیدگای ئەوەوە حیزبیك كە بە هەموو سونەتەكانیەوە جیاوازبێت. لیروەوەیە كە هەر ئێستا پێكینانی حیزبی كوردستان و رابەری ئیستا كەوتۆتەوە ژێر پرسیار.
چونكە هامان رابەری بە هەمان سوونەت. ریبوار ئەحمەد دوای دەهەو نیویك دێت و دەلێن، ئێمە "حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق هەر لە رۆژی دروستبەەنیەوە نوقمی سوننەتی مەحفلیستی بوو، ئەمە زەربەی زۆری لیداو تواناى بەهەدەر داوەو ریگای گەورەبوون و پیشرەوی لیگرت و بەبراوی من یەكێكیش بوو لە هۆكارەكانی سەرنەكەوتنی، لە هەمانكاتدا ناكۆكیەكی زەقی ئەم رەوتەش بوو لەگەل سونەتە سیاسی و كۆمەلایەتی و حیزبیەكانی كۆمۆنیزمی كریكاری " ( گفت و گۆی ئۆكتوبەر لەگەل ریبوار ئەحمەد).

باشه گریمان ئەمە نەک لەناو کۆمۆنیستە کریکاریەکانی ئەو رەوتە بەلکو لەناو ئەو کۆمۆنیستانەشی کە لەسەر هەمان دیدگا، پێشتر بەناوی ئەنتی رابەریەوە ناچارکران برۆنە دەرەوە، وەک ئالوگۆریکی گرنگ لە دیدگاکانی رابەریی ئیستا قبولکرا، گریمان وەک ئەوەی ئینسانەکان بە هۆی هوشیاریانەوە لە ئالوگوری بەردەوامدان و بزووتنەوەکان دەرس لە رابردووی تالّی خۆیان وەردەگرن، قبولکرا. بەلام رابەریەک کە دوای چەندان کیشە ململانی توند بۆمانەوەی وەک رابەری ئەو حیزبە و لە سەروەبوونی خۆی دەستی لەو سوونتە محفلیستیانە گیرکرد و تەنانەت بە نرخی وەک هۆیەکی سەرەکی بۆ سەرنەکەوتنی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقیش تەواوبوو. دوای یەک دەهە و نیو دیت و ئەو راستیە رادەگەیەنیت بە ئاشکرا بۆ کۆمەلگا. ئەویش کاتیک حیزب دەخاتە پشتی سەری و بەو شیوەیە خوی لە ژیر مەسولیاتی چارەنووسی سیاسی ئەو حیزبە دەردەهێنیت و دەلێت "حیزبی کوردستان ئەگەر بیەوی دەرس لەو تەجروبەیە وەرگریت، دەبی هەر لە رۆژی ئەوەلەوە هیچ بوارو هیلانەیەک بو محفلیزم نەهیلیتەوە" (هەمان گفت و گۆ.بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر).

ریبوار ئەحمەد زور بەروونی هەموو فاکتەرەکانی ریگرتن لە محفلیسم و موناسەباتەکانی ناو حیزبی تازە لە رۆژانی دەسپێکردنی حیزبی کوردسیتانەوە باسدەکات. بەلام سەبارەت بە چارەنووسی حیزبیک کە ئێستا هەیە، حیزبی عیراق باس ناکات و روونیشی ناکاتەوە چارەنووسی بەچی دەگات. حیزبیک کە بریاربوو لە ناو ئالوگوری کۆمەلگایەکی پر لە سیناریۆی رەشی عیراق دەسەلاتی سیاسی بگریت بەدەستەوە و سۆسیالیزم دامەزرینیت، ئەمەیە تراجیدیای تاریخی کاتێک کە دەهەو نیوێک بەلێنی دەسەلات و سۆسیالیسم و دینیایەکی باشتریان بۆکۆمەلگا بەیان دەکرد، دوای ئەو هەمووە زەحمەتەی کە سەدان و هەزاران ئینسان بۆ ئەو حیزبە، ئێستا دێن و موئەدەبانە دەلێن هەموو ئەو بەلێنانە راست نەبوون و ئێمە خەریکی کارێکی تر بووین کە هیچ بنەمایەکی لەگەل سۆسیالیزم و دنیایەکی باشتردا نەبوو . "ئایە بەراستی هەمان رابەری دەتوانیت حیزبیکی تری جێگای بروای کۆمەلگا پێکبهینیت و دەسەلاتی سیاسی بگریت و دەولەتی سۆسیالیستی دامەزرینیت"!. حیزبی کوردستان بەو هەلومەرجە و هەمان رابەرییەوە و دیدگا و سوونەتەوە دەتوانیت دەسەلاتی سیاسی بگریت بە دەستەوە و دوای دەهە و نیوێکی تر لە قوربانی ،زەحمەت، ئەنەرژی و ژیانی سیاسی نەسلێک ئینسان و کۆمەلێک ئومیدی خەلک و چینی کریکاری کوردستان، جارێکی تر نایەنەوە لە تویی گفت و گۆیەکا زور با سانایی پێمان بلێت ببون ئەمجارەش شەرە محفلیسم، من من و چنگ گیرکردن لە سوونەتی نا کۆمۆنیستی مارکس و مەخرووری بۆ مانەوە لە سەرەوەی حیزبدا، شکستی بە ئومیدەکانی ئیوە هینا !. لیرەوەیە کۆمەلگا ئەو حیزبە قبول دەکات یان قبولی ناکات. وەک خویان دەلێن و داوادەکان لە کۆمەلگا کە وەک حیزبێکی تازە و کارنامە هەلەکانی پێشووی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق چاوپۆشیان لێبکەن ئەویش بە ریگایەک و بەمەرجێک کە هەر خۆیان رابەریی و کەسانی ئەسلی حیزبی تازە بن، ئەمە ئە خەیالەیە کە گا بە کۆلانی تەنگا بەرنەدەرەوە و کەس نەزانێت چۆن. گریمان وابوو بەلام لە دوای بریاری فەوری بۆ پیکهینانی حیزبی تازە تا ئیستا باس و لیکدانەوەکانی رابەری ئەو حیزبە ناتوانیت نیگەرانیەکانی کۆمەلگا نەهێلیت و ناتوانیت ئەوەمان بۆ روونکاتەوە کە ئەو حیزبە دەتوانیت کوردستان لە میژوویەکەوە بۆ مێژوویەکی تر تیپەرینیت و سۆسیالیزم و دەولەتی سۆسیالیستی دامەزرینیت. هەموو باسەکانی تریش وەک سەربەخۆی کوردستان، ریفراندۆم و جیاوازی کۆمەلگای کوردستان، گەندەلی دەسەلاتی ناسۆنالیستی کورد، و تعامل لەگەل هەلو مەرجی کوردستان وەک دەسەلاتی گەندەلی پارتی و یەکیتی، نەک وەک دەولەتی سەرمایەداری، لە دیدگایەکی روونی کۆمۆنیزمی مارکسەوە نەدراوەتە بەرباس و لیکدانەوەی کۆمەلێک ئەندام کە خەریکن حیزبی تازە پیکدەهینن.

بیجگە لەوە چەندان بوچوون و لیکدانەوەی تری دژ بەیەک و ناکۆکی ئەوان بەجیدەهێلم و دەرۆمە سەر کۆمەلێک خالی تر .

**هەلکەوتی مێژووی**

بۆ کۆمۆنیستی کریکاری کەوەک هیزیکی سەربەخۆ و نوینەری سۆسیالیزم و چینی کریکاری کوردستان لە

دوای دەهەونیوێک تیپەربوون بەسەر هاتنە مەیدانی سۆسیالیزم و بزووتنەوەی شوورایی و پلاتفۆرمی کریکاری و رادیکالی ئەوکاتە، ئێستا ئیتر ئەو هەلکەوتە میژوویە بە هەموو دەسکەوتەکانیەوە لەدەستچووە و لەم دەورەیەدا و لە دەورانێکی تازەی ئەمرۆدا بە تەوایی شانسی لاوازە، بۆ هەر حیزبیکی تری کۆمۆنیستی کریکاری تر کە لەم دەورەدا و لەو ناوچەیەدا کە خەریکە دامەزریت. بەتایبەت رەوتی پێکهینانی حیزبی کوردستان دەچیتە پرکردنەوەی ئەو بۆشایانە کە لە دوای لە دەستچوونی دەسکەوتەکانی بزووتنەوە سۆسیالیزم دەرووست بوون.  هەلکەوتە میژوویەکان چی بوون و هەلومەرجی سیاسی ئیستای کوردستان بە چی گەیشتوە یەکیک لە فاکتە سەرەکیەکانە کە دەبیت لێکۆلینەوەی لەسەر بکریت و لە دیدگایەکی مارکسیستیەنەوە لێکبدریتەوە. چوونکە کاتیک حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق دامەزرا لە کوردستان، بزووتنەوەی شوورایی بەهێز و چەندان  کۆروکۆمەل و دەیان نووسراوە و بلاوکراوەی کۆمۆنیستی و کریکاری و بە سەدان هەلسوراوی کۆمۆنیستی لە کۆمەلگادا جیگایایەکی گەورەیان هەبوو. بیجگە لەوە کۆمۆنیستی کریکاری لە ناوچەکادا بزووتنەوەیەکی بەهیز و یەک پارچە و جیگای باوەری کۆمەلگا بوو. کۆمۆنیزمی کریکاریی خاوەنی حیزبیکی بەهیزی تر و یەکپارچە و رابەریەکی سیاسی و پرمایە بوو، ئۆتۆریتەی سیاسی رابەریی کۆمۆنیزمی کریکاریی بەتایبەت مەنسووری حیکمەت و لیکدانەوە سیاسی و مارکسیستەکانی هەر هەموو ئالوگۆر هینەربوون. لەو کاتانەدا ئاستی کۆمۆنیزمی کریکاریی لە جێگایەکی یەکجار بەرزدا بوو. بەلام ئیستا کۆمۆنیزمی کریکاریی خاوەنی حیزبیکی یەکپارچە و رابەریەکی بەهیز و خاوەن ئۆتۆریتەی سیاسی نییە. و سوونەتی محفلیزم لە هەمووکاتێک بەهیزتر و قبولکراوتەرە بەتایبەت لە ناو رابەریەکانی ئیستا. زۆر بە ئاشکرا کێشەکان و جیاوازی سیاسی و بیروباوەر، سیناریۆیەکی تەواو تالّی مێژووی بەسەر ئەو بزووتنەوەدا هێنا کە هەموو لایەناکان و هەموو رابەری و کادیرەکان  کە بە خواست و بریاری سیاسی خۆیان چوونە ناو ئەو کێشانە بەرپرسن لەو سیناریۆ تالّەی کە بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی مەنسوور حیکمەتدا هات. لە دوای لە دەستدانی مەنسوور حیکمت ئەو بزووتنەوەیە ئاست و توانای سیاسی لە دەستداوە و لە حیزبیکی سیاسی بۆ یەکێتی فراکسیۆن و محفەلەکان، و لە رابەریەکی یەکپارچە بو رابەریەکی بی ئوتوریتەی پارچەپارچە گۆراوە. بەکورتی یەکیک لەو فاکتەرانە کە شانسی هاتنەمەیدان و بەدەستەوەگرتنی دەسەلاتی سیاسی و دامەزراندنی سۆسیالیزم لە ژیر رابەری ئێستای کۆمۆنیزمی کریکاریی و حیکمەتیستدا، نە هێشتۆتەوە.

لەوکاتانەی کە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق درووست بوو ناسیۆنالیسم و ئیسلامی سیاسی کە پایەی بنەرەتی سەرمایەداریی کوردستان بوون لاوز و ناجێگیر بوون و پایگای کۆمەلایەتی هەموو حیزبەکانیان بێ مانا لاوز بوو. بەتایبەت پارتی دیموکرات و یەکیتی نیشتمانی نەک دەسەلاتدار نەبوون، بەلکو وەک ئۆپۆزیسیۆنی هێزی شووراکان و کۆمۆنیستەکان و خەلک تعاملیان دەکرد و پروپاگەندەکانیشیان لە هەمان ئاستدا بوو.

ئەو دوو فاکتەرە و دوو هەلکەوتە میژوویە  سەرەکیترین بوون بۆ دroووست بوون و هاتنە مەیدانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەو هەلومەرجەدا. مەنسووری حیکمەت لەو هەلومەرجەدا بوو جدیەت و فرسەتی تاریخی بۆ پیکهینانی حزب باسکرد و  لێکدایەوە. لە دیدگای مەنسووری حیکمەتەوە ئەو سەدان کادر و هەڵسوراوی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاریی و سۆسیالیستیە لە کوردستان و ناجیگیری بۆرژوازی کوردستان، نەک تەنها زەمینەی پیکهینانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکار بوو، بەڵکو هەلکەوتیکی میژوویش بوو بۆ دەسەلاتی سیاسی و بەدەستەوە گرتنی کۆمەلگا.

لێروەیە کە دەگەینە خالێکی گرن و بۆچۆنەکانی رابەریی و هەلومەرجی ئێستا ناتوانێت لە تەنها پێکهینانی حیزب تێپەریت و میکانیزمەکانی سۆسیالیزم و دەولەتی سۆسیالیزمی بەروونی وەک ئامانجێکی جدی لە باسی پێکهێنانی ئەو حیزبەدا ببینرێت. باسی ریفراندۆم و سەربەخۆی کوردستان هەتا ئێستا خەتێکی سەردەست و جێکەوتووە لە هەموو ئامانجە دیاریکەراوەکان و مەوداکانی پێکهینانی ئەو حیزبە.